كوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
6-10-2007 1:27بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەرەسی لیمۆ ... ئەركان حەسەن

سلێمانی

بیرت ماوە؟
ئەوێ رۆژێ..
لەسەر پلوسکی لێوانت ترازام و
تا گردەکانی گەردنت
شەرمم لەت لەت کردو
لە کەلێنی ئاهێکەوە ئاخم دەوەشاند!!
لەبیرت دێ؟
چۆن چنگم لە بەرزایی سێوە ئەسمەرەکان
گیرکردو
لە پەرژینی شاتوە گرینۆکەکانەوە،
قەدپاڵی هەنارە ئاوییەکانم هەژانـــــد؟
چۆن لە لوتکەی بەلاڵوکە خەنەییەکانیشا
بە (ئادەم) م وت:
تۆ مەمکی درەختت مژیــــــیو
منی کەساس
بوم بەژێر هەرەسی لیمۆو
گومەزی سیینەی یارەوە!!

Arkan-r@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.